
# جەنگی ترافیك



دڵشاد کاوانی
Dkawaniy1@yahoo.com

هەموومـــان باش دەزانین دوا بە دوای کۆتایی هاتنی شـــەڕو نەهامەتیەکانـــی کوردســـتان، هەرســێ جەنگـــی ئـــێران_ عـــێراق، ڕاپەڕینـــە مەزنەکەی کوردســـتان و شـــەڕی ئـــازادی عـــێراق، ژمارەیەکـــی زۆر لـــە خەڵکی کـــوژران و ژمارەیەکیتر بـــێ ســـەرو شـــوێنکران، بەڵام بە پێـــی لێکۆڵینەوەیەکی ورد، ســـەبارەت بە جەنگـــی ترافیك لە کوردســـتانەکەی لەمەڕ خۆمان دەرکەوتـــووە، کـــە ڕۆژانە لە بەرەی جەنگی ســـەر شـــەقامەکان و کارەســـاتی ئۆتۆمبێڵەکاندا دە ئەوەندەیتر خەڵکی گیان لەدەســـت دەدەن و ژمارەیەکی تریش بەسەختی بریندارو کەل‌وکۆم دەبن.

دیـــارە قوربانیانی زۆربەی شـــەڕەکان لەڕەگـــەزی پیاوان بوون یاخود ســـادەتر بڵێین: پێشـــمەرگە، ســـەرباز، چەکدارو شەڕوانان بوون، جگە لەوەی کاتێك کە شـــەڕ یەخەی پێدەگرتین کوشتوبڕ شـــتێکی چاوەڕوان کراوبوو، بەڵام شەڕی ئەم جارە کە شەڕی مان‌و نەمانە..!! بەجەنگی ترافیك ناو دەبرێت، لەناکاو خۆشـــت نازانی لەکام لاوە شـــوفێرێکی بێ مۆڵەت‌و "سەیارەیەکی علوج" خۆتپێدا دەکێشـــێت‌و بۆ خێری خۆی زرمەت لێ هەڵدەســـتێنێت! کە بەشی زۆری قوربانیەکان بەبێ جیاوازی ژن‌و منداڵ‌و گەورەکانن.

کـــوڕە تاقانەکەی برادەرێکم فەریکەزاوای ســـێ ڕۆژەبوو، کەچی لەڕووداوی نێوان دوو ئۆتۆمبێلدا بووە قیڕوسیا، ئاوەڵ زاواکەم دایك، برا، برازا و خوشـــکەزاکەی لەیەك ساتدا لە نێو ئۆتۆمبێلەکەیاندا گیانیـــان ســـپارد، یەکێکیتر بە مازدایەکەی ئەفرێـــت ژن و منداڵ و ئامۆزاکەی لەنێو گۆمە ئاوێکی شـــارەوانی شەقڵاوە دوای چەند سەعاتێك خنکان، ئەوەیتر باوك‌و برای لەدەستدا، یەکێکتر دەست‌و قاچەکانی پەکیان کەوت، خزمێکم پێشـــمەرگەیەکی دێرینە دوای سەدان شەڕو داستانی قارەمانانە لۆرییێکی بارهەڵگر سەیارەکەی تاکو





نزیك سوكانەكەی بۆی شێلاو ماڵی ئەبەدی تێكنا، مامۆستایەكیش دوای بیست ساڵ خزمەت پارچە زەویەكی وەرگرت و بەپەلە فرۆشتی و بە سەیارەییێكی مۆدێل نوێیداو نەیانهێشت خێر لەخۆی ببینێت، دكتۆرێك دڵسۆزانە گیانی چەندین زامدارو لێقەوماوانی كارەساتی ئۆتۆمبێلی چارەسەركرد، كەچی ئەویش بەهەمان شێوە سەری نایەوە، دەنگە بەسۆزەكەی قادر زیرەكی خوالێخۆشبوو، فۆرمە گرانەكانی ئەنوەر مەسیفی شاعیر و سەدان كەسی زیرەك و بلیمەت بەم ئاسنە ساردو سرە كۆتایی بەژیانیان هات. خەریكە وای لێهاتووە كاتێ نیازی سەفەرێكمان ئەبێت لەماڵەوە ئەم لاو ئەو لای یەكتر ماچ بكەین، گەردەن ئازایی لەكەسوكارمان بخوازین، پاش تێرو پڕ گریانو فرمێسك بارانو وەسیەتكردن سواری سەیارەبین نەوەك بۆ ئێوارە بەسەلامەتی نەگەڕێینەوە.

تۆبڵێی كێ بەرپرسیاربێت لە لەدەستچوونی ئەم هەموو ڕۆحە پاكە بێ گوناهانە ئەفەوتێنو دواتر زیندان یاخود مەبلەغێك پارەو بگرە زۆرجار دوژمنداریو كێشەی خێزانی نێوان هەر دوولای لێ ئەكەوێتەوە، لەكاتكێدا هیچ كەس خوازیاری ئەم كارەساتە دڵتەزێنانە نیە جگە لە هەڵەیەكی بچووكو یاخود پەیوەست نەبوون بەیاسای هاتووچۆ و خراپی باری شەقامەكان، كەند، كۆسپو تاسە دەستكردە زەبەلاحەكان نەبێت، ئەی بۆ زۆری ژمارەی سەیارەی بێ دایك و باوك وشوفێری بێ مۆڵەت و یاخود مۆڵەتی تەزویر باس ناكرێت، ئەگەر كار وا بڕوات ڕەنگە دابەشكردنی مۆڵەتی شۆفێری لەڕێگەی بریكاری خۆراكەوە بێت، ئەوەتان لێناشارمەوە لەو ڕۆژانە ناسیاوێكمان پێی وتم: " تۆ چۆن مۆڵەتی سەیارە لێخورینت نیە.؟" منیش وتم: "شوفێری نازانم" كەچی ئەو زۆر بە بێ باكیەوە وتی:"جاچیە مەگەر دونیا خراپبووە، وەرە تەنیا بەشەش سەت هەزار دینار بەگرەنتی بۆتدەردێنم، خەمی نەبوونی زانیاریشت نەبێت تۆ بەشداری هەموو تاقیكردنەوەكان ئەكەیت، ئەفسەرەكان لەپێش شوفێرەكانیتر پێتدەڵێت دواكەوت، بەلآم دواتر بەسەركەتوو لە لای خۆیان تۆمار دەكەن." تەنیا ئەوەندە ئەزیەت نەبێت بۆخۆت فۆرمەكە وەردەگریت. لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی گڵۆپی ترافیكەكان كارناكەن، جگە لەفولكەی بەتەمای خوای نەبێت لە هەولێرو چەند فولكەییێكیتر هەن كە كەس نازانێ بەتەمای كێن؟! وەك ئەو مرورە قوڕ بەسەرەی لێنەییێت كە بە هەزار تكا دوای چەندین ساڵ دابڕان لەخوێندن لەڕێگەی تاقیكردنەوەی دەرەكی توانی بگاتە پۆلی سێیەمی ناوەندی، بۆ ئەوەی خۆی بۆ تاقیكردنەوەی بەیانی ئامادە بكات لە یەكێك لە فولكەكاندا سەری خستبووە سەر كتێبی بیركاری و كەم و كۆی بكات و كاتێ سەری هەڵبڕی دوو سەیارە لێكیانداوە و یەكێكیشیان وەرگەڕاوە و پۆلیسە داماوەكە هەموو حیسابەكەی لێتێكچوو، لەم ڕۆژانەدا لەبازاڕی هەولێر لەگەڵ تەكسییێك سوار بووم شوفێرەكە باسی قەرەباڵغی ڕۆژانەی شەقامەكانی هەولێری بۆدەكردم، بەگەرمای هاوین نزیكەی سێ چارێگە سەعات لەنێو تەكسیە شڕەكەدا ماینەوە چەندین جنێوی تەڕی بە سەیارەكانی پێشخۆی دەدا، ناوە ناوەش دەیووت:" مامۆستا ئەمە كەی حاڵە" پاشان گەیشتینە بەردەم ترافیكەكەی پارێزگای هەولێر سەیرمكرد گڵۆپی سوور بۆ پیادەكان داگیرساو كاكی سایەق لەشوێنی خۆی نەجوولا..! منیش لەتاو چرقەی گەرما خۆم پێنەگیرا وتم:" بۆ ناڕۆی بۆخاتری خوا" ئەویش بەپێكەنینێكی خەماوییەوە وتی:"مامۆستا بەهەڵە مەچوو، ئەو گڵۆپانەی دەبینی دەمێكە تێكەڵ بووە بە گڵۆپی پیادەو ئۆتۆمبیل، بەیەكەوە سوور و سەوز دەبن" وای لێهاتووە ئەگەر یەك دوو ساڵیتر ئاوا بڕوات پێویستمان بەهیچ پەتا، تاعونێكو كۆمەڵ كوژییێك نیە، هونەری جەنگی ترافیكی كوردستان سەری هەموومان بەبێدەنگی دەنێتەوە".